# پێشێلکاری دەسەڵات و نارەزایەتیەکانی خەڵك لە کوردستان!

**نوری بەشیر**
n.bashir3@ukonline.co.uk

ساڵ لەدوای ساڵ دەسەلاتدارێتی ناسیونالیستی کورد، ماهیەتی رۆشنتر دەبێتەوە، وە زیاتر کەلێنی نیوان دەسەلاتداریتیان لەگەل خەڵکدا فراوان دەبێتەوە، وە کێشەکانی ناوخۆیان لەسەر قازانج پەرستی و گەندەڵی و دزی زیاتر دەردەکەوێت و ماهیەتی دەورەی پیشویان زیاتر ئاشکرا دەبێت، بیرو سیاسەتێك کەهەیانە چەندە هەوڵ بدەن روخسارێکی کەی بەبەردا بکەن، ناتوانن دابڕین لێی و بەئاشکرا پێیانەوە دیار دەبیت، وە زیاتر رووبەرووی رەخنەو نارەزایەتیەکان ئەبنەوە، بەجۆرێك نارەزایەتیەکان فراوان دەبنەوە، تەنیا سەتحی دەرەوەی خۆیان ناگرێتەوە لەنموونەی رەخنەی ریشەی لەبەرامبەریاندا لەدەستوری پێشنیاریدا، بەلکو لەکیشەو ناکۆکیەکانی ناوخۆیشیاندا دەردەکەوێت لەچەشنی کیشەکانی ناوخۆی یەکیتی و پلینۆمەکەیاندا و ئیدامەی تائیستای.

ئەگەر سەیرێکی لیستی خوارەوە لەپێشێلکاری و نارەزایەتیەکان بکرێ، دەبینرێ کە پێشێلکاریەکان بەعەمەلی بەجۆرێکە لەوەلامنەدانەوە بەخواستەکانی خەڵکی کوردستان کەهەموو کۆمەلگای گرتۆتەوە، لەبەرامبەردا نارەزایەتیەکانیش بەرویاندا بەئاشکر سەتحی هەموو کۆمەلگای گرتۆتەوەو رۆژانە دەبینرێت.

- کەس و کاری ئەو زیندانیانەی کەتاکو ئێستا لەزیندانەکانی کوردستان بەبێ دادگایی ژیان بەسەر دەبەن ئەمرۆ 1/28بەبێ مۆڵەت وەرگرتن هاتنە بەردەم پەرلەمان و دروشمی ئازادکردنی زیندانییەکانیان بەرز کردەوە. هەروەها ئەگەرچی پەرلەمانی کوردستان بەڵینی پیداون کەجاریکی تر حکومەت ئاگادار دەکاتەوە بۆ پیداچونەوەی دۆسیەی ئەو زیندانانەو هەروەها بەڵێنی ئەوەشیان وەرگرتووە کەلیژنەکانی یاسایی و مافی مرۆڤ سەردانی گرتوخانەکان بکەن، بەلام تاکو ئێستا هیچیان نەکردوە بۆیانو وەزعیەتی هەلومەجی زیندانەکان زۆر خراپە. سەرچاوەی هەواڵ: ئاوێنە 2007/1/28
- سەرلەبەیانی رۆژی 1/28 زیاتر لەسەد ژن دەستیان دایە نارەزایەتی دەربرین و خۆپیشاندانیان سازدا لەشاری سلیمانی بەهۆی نەبوونی بەنزینەوە. وە لەدەوری بەنزینخانەی بەختیاری ئۆتۆمبیلەکانیان بەجێهێشت و بەرەو ناوەوەی بەنزینخانەکە بەریکەوتن بەمەبەستی شکاندنی ئەو بەنزینخانەیە، پاش ئەوەی ریگایان لیدەگیریت، ئەوانیش دەستدەکەن بەبرینی شەقامەکە بەبەرمیل و بلۆك. کەیەکیك لەژنە شۆفیرەکان لەخۆپشاندەران بووەو وتویەتی چوار رۆژە دێین بۆ بەنزین بەلام دەستیمان پیدەکەن و بەنزینیمان نادەنێ. س. هەواڵ: ئاوێنە 2007/1/28
- ئاسایشی سەر بەیەکیتی نیشتمانی کوردستان، محەمەد سیاسی ئەشکەنەیی رۆژنامەنوس دەستگیر دەکات و بێسەرو شوێنی دەکات. بەپێی بەیانی کۆمیتەی بەرگری لەرۆژنامەوانانی کوردستان لە2007/1/27
- بەشە غازی کفری پاش ئەوەی کە لە کەرکوکەوە دەگوازرێتەوە سەر پرۆژە تایبەتیەکانی سلیمانی بەوە کیشەی سوتەمەنی لەگەرمیان سەرهەلدەداتەوە، وە زۆربەی خەلکی ئەو ناوچەیە نارازین بەگواستنەوەی لەکەرکوکەوە بۆ سلیمانی و ئەگەر وانەکریت ئەوا خۆپیشاندان بکەن و هەر زۆربە دەڵین کە حکومەتی هەریم نەیتوانیوە کیشەی سوتەمەنی چارەسەر بکات، ژمارە 57 ی خۆرەنەوازان کانونی دوەمی 2007
- بەریوەبەری ژمێریاری وەزارەتی داد لە ئیدارەی سلیمانی بەتۆمەتی ئیختلاس دەستگیر دەکرێت. ئاوینە ژمارە 53ی 2007/1/23
- زیاتر لە 25 پۆلیس و ئاسایش بەهۆی کەمی موچەوە دەستیان لەکارکێشاوەتەوە. لەچەمچەمال 10 کارمەندی ئاسایش و لەگەرمیانیش 28 پۆلیس دەستیان لەکار کیشاوەتەوە. ئاوینە ژمارە 53ی 2007/1/23
- سەرۆکی شارەوانی سۆران بەتۆمەتی گەندەڵی دادگاییدەکرێت. "چاودێر"ی ژمارە 110ی 2007/1/15
- مەلای مزگەوتێکی گەرەکی عولەمای شاری هەولێر بەمەلعون و مونافق ناوی نوسەرو رۆنامەنوس ئیسماعیل بەرزنجی دەبات، دوای ئەوەی کەوتارێکی لەرۆژنامەی خەباتدا بلاودەبێتەوە. ئاوێنە.
- رۆژی 1/6 بریاری خۆپیشاندان لەشاری سلیمانی و کەرکوك درابوو بۆ خواستی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، بەلام رۆژی خۆپیشاندانەکە هیزیکی زۆری ئاسایش بەمەبەستی بەرگرتن بەخۆپیشاندانەکە لەبەردەرکی سەرا بلاوبوبونەوە، لەگەل ئەوەی خەلکێکی زۆر بەتایبەت لاوان بەدەم ئەوبانگەوازی حککع وە هاتبون بەلام بەهۆی خراپی ئاوو هەواو بارانەوە خۆپیشاندانەکە دوا دەخرێت، لەکەرکوکیش لەبەر هەمان هۆ. سکرتاریەتی کۆمیتە رابەری ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق 2007/1/6
- هۆشیار عەزیز، بەریوەبەری کەناڵی تەلەفزیۆنی زاگرۆس لەسلیمانی دەست لەکاردەکێشیتەوە. س.هەواڵ: هاولاتی
- لەدوای 32 رۆژ لەمانگرتن، وەزیری پەروەردە بۆ یەکەمجار سەردانی خویندکارە مانگرتوەکان دەکات، وە پیان رادەگەیەنێ کەئەگەر بێتو داواکاریەکانیشتان بۆ جێبەجێ بکرێت ئەوا بەشێك لەخوێندکاران ئەمساڵی خوێندنیان بەکەوتوو بۆ دادەنرێت، چونکە ماوەی 40 رۆژ غیاب دەدرێن، خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی

زانکۆی سلیمانی، ماوەی 33 رۆژە مانیان گرتوە لەچونە ژورەوە بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن، تا ئیستاش بەردەوامن لەمانگرتن لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلیمانیدا و شەوانەش دەمێننەوە، سەرەرای ئەوەش بەپێ بەرەو هەولیر رۆیشتون لەدریژەی مانگرتنەکەیاندا. . س. هەواڵ: هاولاتی

- دەستەی داکۆکی لەداخوازیەکانی خەڵکی سلیمانی ئیمزا کۆدەکەنەوە: دەستە لەیاداشتیکدا رای گەیاند کە ئیمزا کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی سنورێك بۆ دەسەلاتی فراوانی هیزەکانی ئاسایش دابنرێت. نەوزاد بابان ئەندامی لیژنەی بالای دەستەکە وتویەتی (هەر ئەمرۆ بەسەدان کەس لەسەر ئەو داخوازیە ئیمزایان کردوە، بۆ ئەوەی خەلك لەسەر خۆپیشاندان راپێچنەکرێت)، وە لەیاداشتنامەکەدا نوسراوە (جیاوازیکردن و ناعەدالەتی خەلکی تورە کرد، بۆ چارەسەرکردنی کیشەکان داخوازی جۆراوجۆر پیشکەش کراوە، بەلام بەبێ وەلام ماوەتەوە). هاولاتی 2007/1/19

- رۆژی 2007/1/6 دوای چەند ساڵ پەنگخواردنەوە بۆمبەکەی پەیمانگای تەکنیکی کەلار تەقیەوە، بەهۆی توندوتیژی و گەندەلیە جۆربەجۆرەکانەوە 21 مامۆستای پەیمانگای تەکینکی کەلار بۆ گۆرین و لابردنی راگرەکەیان دەستیان بەمانگرتن کردوەو نەچۆنەتەوە بۆ دەوام، وە سەرۆکایەتی دەستەی خویندنی تەکنیکی پەیمانگاکە سزای ئەو مامۆستانەیان داوە. مامۆستا حەسەن محمەد رۆستەم لەبەشی پەرستاری وتی (ئیمە لەسەر راستین، دەمانەوێت گەندەلی نەمێنیت، دەبی چاوەرێی ئەوەش بکەین کە کیشەمان دێتەرێ، بەلام ئیمە زیاتر هەنگاو دەنێین). بەلام کۆتایی بەپیچەوانی خواستی مامۆستاکان بوەو 3 مامۆستایان گواستۆتەوە، نەك لابردنی راگرەکە. بەلام مانگرتنەکە بەردەوام بوو تاکو 1/13 لەبەر بەرژەوەندی قوتابیان کە تاقیکردنەوەی کۆرسی یەکەمی خویندنیان هەبوە، مامۆستاکان مانگرتنیان شکاندوە، بەلام راگر هەر هەرەشەی کردوە بەدژی مامۆستایان. مامۆستایانیش بەنیازن ئەگەر راگر نەگۆردرێ ئەوا مانگرتنەکەیان دەبەنە بەردەم پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی خویندنی بالا. گەنجان 2007/1/16

- رۆی 2007/1/17 سەرجەم سایەق پاسەکانی شاری سلیمانی دەستیان دایە مانگرتنیکی گشتی دژ بەگرانبونی نرخی گاز، کە نرخە رەسمیەکەی 150 دینارە، ئیستا لیتری بوە بە 1650 دینار واتە 11 جار بەرزبۆتەوە. لەهەمان رۆژدا نانەواخانەکانی هەلەبجەی کۆن بەهەمان مەبەست مانیانگرت. کۆمیتەی کوردستانی حککع 2007/1/17

- رۆژنامەی دەروازەیەکی تر کەرۆژنامەیەکی سەربەخۆیە و لەشاری رانیە دەردەچیت، بەهۆی بلاوکردنەوەی چاوپیکەوتن لەگەل کەسانێکی هاوجنسبازدا، قسەکردن لەوەی کەدیفاعیان لێبکریت، کەوتۆتە بەرشالاوی مەلای مزگەوتەکان و ئیسلامیەکان لەمزگەوتەکانەوە بەدژی رۆژنامەکە قسە دەکەن و هەتا دەستەی نوسەرانیشی کەوتۆتە بەر مەترسیەوە، لەو نیوەدا یەکیتی و پارتیش چونەتە پشت سەری ئیسلامیەکان بۆ داخستنی ئەو رۆژنامەیە. . کوردستان نیت 2007/1/13

- ژمارەیەك لەو سەربازە کوردانەی کەبریارە بەرەو بەغدا بنیردرین، لەریزەکانی سوپادا هەلدێن و ئەو ئەرکە نوێیەیان بۆ بەغدا بە شەر لەگەڵ مەرگدا ناو دەبەن. هەوال ژمارە 53ی 2007/1/23

- باخان کەمال قوتابی دواناوەندی رزگاری کچان پۆلی سێیەمی ناوەندی، لەشاری سلیمانی لەکاتی تاقیکردنەوەدا بەقوپیەوە دەگیری، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەلایەن مامۆستاکەیەوە پەلامار بدریت و ئیهانە و سوکایەتی پێبکرێت، وە لەنیو هاوپۆلەکانیدا حورمەتی دەشکێندریت، وە پێی رادەگەیەنریت بەهۆی ئەم کارەیەوە لەقوتابخانە فەسڵ دەکریت، ئەم مامەلە نادروست و هەرەشەی فەسلە کاریگەریی زۆری لەسەر باخان دەبیت و بریاری خۆسوتاندن دەدات و رۆژی 1/22 گیانی لەدەست دەدات. سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان لەعیراق 2007/1/25

- ئەو زیندانیانەی کە بەلیبوردنی بارزانی ئازاد کران و ژمارەیان 125 زیندانی بوو، لەلایەن ئاسایشەوە کەفالەتی 15ملیۆن دیناریان لیوەرگیراوە، ئیستاش لەژیر چاودیری ئاسایشی گشتیدان و چاودیری دەکرین. هاولاتی 2007/1/17

- خۆپشاندانی ئاوارە موتەفەریقە نەگەراوەکانی شاری سلیمانی و دەوروبەری لەهەولیر کەبەهۆی شەری ناوخۆوە ئاوارەبون و تا ئیستا نەگەراونەتەوە شوینی خۆیانو هەر ئاوارەن، بۆ چەندین جارە داوای قەرەبوکردنەوە دەکەن ورەخنە لەحکومەت ئەگرن کە بەماندو بونیان نازانیت و وەلامیان نادەنەوە، ئەم ئاوارانە کەخەلکی پاریزگای سلیمانین و نزیکەی 11 هەزار کەس دەبن و لەشاری هەولیرو دەوربەری نیشتەجین، ئەوە بۆ چوارەم جارە خۆپشاندان دەکەن لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا، ئەگەرچی حکومەتی هەریم دەسەلاتی پارتی بەلێنی پێ داوون، بەلام بەشێکی کەمیان نەبیت وەلامیان نەندراوەتەوە. ئاوینە ژمارە 53 ی 2007/1/23

- رۆژی 2007/1/28 نزیکەی 50 ژن خۆپشاندنیان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا ئەنجام دا، کە ئەمانە دایك و هاوسەری ئەو زیندانیانەن کە لە هەردوو زیندانەکانی ئاسایشی هەولیر و ئاکریدان، لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بەبی دادگایی دەستگیرکراون، کەداواکاری چارەنوسی کورو هاوسەرەکانیان دەکەن. ئاوینەی ژمارە 45ی 2007/1/30

- فوئاد ئیبراهیم، تەمەن 37 ساڵ، لە کانونی دووەمدا، بەدەستی هێزەکانی زیرەڤانی سەر بەپارتی لەگوندی گرد محمەدی سەر ریگای مەخمور لەنزیك شاری هەولێر کوژرا، کاتیك کەلەخانویەك کرێکاری کردوە کە تەجاوز بوە، تەقەی لیدەکن و سێ فیشەکی بەردەکەویت و دەمریت. کەحەوت منالی لەدوا بەجیماوە. ئاوینە کانونی کانونی دوەمی 2007

- رۆژی 1/31 سەرجەم فەرمانبەرای زانکۆی سلیمانی بۆ زیادکردنی دەرمالەکانیان مانیانگرت لەکارەکانیان و بەرپیوانیك چونە بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆی سلیمانی و روژانی دواتریش مانگرتنەکە بەردەوام بوو. بۆپشەوە کانونی دوەمی 2007

- رۆژی 2007/1/18 ژمارەیەك لەدانیشتوانی تاسلوجە کۆمەڵەیەکیان بۆ خستنەرووی خواستەکانی خەلکی تاسلوجە دامەزراند، کە کۆمەلیك داواکاریان خستۆتە بەردەم بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە کەزۆربەی داواکاری خزمەتگوزارین. وە هەرەشەیان کردوە ئەگەر تا یەك دوو مانگی ئاینده داواکاریەکانیان بۆ جیبەجێ نەکریت ئەوا خۆپیشاندان دەکەن. بۆپشەوە کانونی دوەمی 2007

- بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی سوتەمەنیەوە نانەواخانەو سەموخانەکانی شاری سلیمانی مانیان لەکارکردن گرت، وە رایانگەیاندوە کەدەبی حکومەتی هەریم سوتەمەنیان بۆ دابین بکات یان ئەوەتا ناچارن نرخ بەرزبکەنەوە. بۆپشەوە کانونی دوەمی 2007

- لەکاتیکدا کەهەوالی مانگرتنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەبوو، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەریم لە راگەیاندنیکدا لە 2007/1/17 دا ئەو هەوالە رەتدەکاتەوەو بەشیوەیەکی هەرەشە ئامیز دەڵێت: " کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ ئەو راستیە باشدەزانن کە مانگرتن و خۆپشاندن لەو سلکە قەدەغەیە، .. بۆپشەوە کانونی دوەمی 2007

- 106 زیندانی ماوەی سێ ساڵە لەزینداندانن بەبێ دادگایکردن، بەجیا لەوەش 15 ناوی کە بیسەروشوینن لەناو ئەو لیستەدا کەلیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان. ئەمەش لەئەنجامی سکالای 106 خیزانی زیندانیکراودا دروستبوە و سکالای 15 خیزانی بیسەروشوینیش گەیشتۆتە دەستیان. هەروەها ئەو سەرچاوەیەی هەواڵەکەی داوە دەلیت سێ ناوی کەیان لایەن کەدادگا ئازادی کردون، بەلام تاکو ئێستا لەلایەن ئاسایشەوە دەستبەسەرن. ئاوینە ژمارە 50 ی 2006/12/26

- شەوی 2006/12/21 ئاسایشی سێتاقانی شاری هەولێر دوو رۆژنامەنوس بەناوەکانی شاهۆن خالید لە رۆژنامەی روانین و دیلمان سەلاح بۆ زۆرینەی رۆژنامەکان دەنوسیت دەدەنە بەربۆکس و شەق و پاشانیش تەقە بەسەریاندا دەکەن. ئاوینە ژمارە 50 ی 2006/12/26

- کچە خوێندکارەکانی بەشی ناوخۆیی هەلەبجە لەشاری هەولیر، ریگای سەرەکی هەولیر – کەرکوك یان کۆنترۆلکرد، بەهۆی نەبونی خزمەتگوزاری، ئاوو، کارەبا و سوتەمەنی رژانە سەرشەقامەکان و ریگای هاتوچۆی ئۆتۆمۆبیلیان راگرت. یەکیك لەکچەکان وتی مالە مسئولەکان 24 سەعات کارەبایان هەیە، کەچی ئیمە نیمانە. وە وتیشی کە هیزەکانی ئاسایش و پۆلیس دەیانەوێت بەهەرەشەو ترساندن واز لەخۆپشاندانەکە بهینین. هاولاتی 2007/12/18

- نوسەرو وەرگێر عبدالرحمان بەربەری ناسراو بە سەربەرز، زیاتر لە 1300 کتیبی خۆی لەسەر گۆیژەی شاری سلیمانی دەسوتێنێ، بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەوەی کە با لەسەر شەقامەکان شەق لەکتیبەکانم هەلنەدرێتو خۆلی لەسەر نەنیشێت. هاولاتی 2007/12/18

- لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوری یەوە و لەسەر بودجەی دیوانی وەزارەتی تەندروستی بەپێی بەلگەنامەی ژمارە 15506/10/2 کە لەرۆژی 2006/7/30 لەلایەن بەریوەبەرایەتی گشتی داراییەوە ئاراستەی بەریوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر کراوە، بڕی 60 ملیۆن دیناری عیراقی (چوار دەفتەر دۆلار) بۆ تەئسیسکردن و کرینی کەلوپەلی ناوماڵی وەزیری تەندروستی تەرخانکراوە. هاولاتی

- بەپیی بریاری عومەر فەتاح سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی وەزیران، زەویەکی 250 م دووجا، دراوەبە د. ئەرسەلان باییزی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی کوردستان، لەدەرەوەی مەرج و رینماییەکان. کە ژمارە 641 ی لەسەرە. هاولاتی

- بەخۆپیشاندانی خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی بەهرۆزی زانکۆی سلیمانی و گرتنی شەقامی قەنات و ریگەگرتن لەهاتوچۆ، توانرا کارەبای بەشە ناوخۆییەکەیان چاك بکەن. گەنجان 2007/12/20

- مەفرەزەیەکی بنکەی پۆلیسی شارەوانی سلیمانی و بنکەی پۆلیسی ئەزمرو ئاسایشی سلیمانی شەوی 2006/12/17 بەمەبەستی روخاندنی دوکانەکانی سەر پارچە زوییەکەی فەرهاد سەنگاوی دەرۆنە سەر دوکانەکان و دواتر بەزۆر "بەڵێننامەی چۆلکردن بەسێ خاوەن دوکان پڕ دەکەنەوە". ئاوێنە

- خۆپیشاندانەکەی سلیمانی کەبریار بوو لەلایەن کۆمەڵێك گەنجەوە دژی راپۆتەکەی بیکەر هاملتۆن ساز بکرێت، بەلام بەهۆی ئەوەی پاریزگاری سلیمانی مۆلەتی پینەدان ئەنجام نەدرا. گەنجان 2007/12/20

- لەگوندی گۆپتەپە دوو سەدو حەفتا قوتابی تەنها چوار ژووری خویندنیان هەیە، وە تا ئیتسا ئاوی خواردنەوەیان نییە لەناو قوتابخانەکەدا و خاوەن یەك مامۆستایەکن. پەیامنێر 2007/12/19

- زیندانییەکانی زیندانی ئاکری دەستیان بەمانگرتن لەخواردن کردوە، هۆکاری ئەم مانگرتنە دەگەریتەوە بۆ ئەوەی هاولاتیەکی زیندانیکراوی سەر بە نەتەوەی تورکمان بەدەستی پۆلیسەکان بەشەق و بۆکس لییدراوە. ئاوێنە

- شەوی 22/23- 12-2006 خویندکارانی دوو بەشی ناوخۆیی هۆشیار قەفتان و لینا سەر بەزانکۆی سلیمانی کەژمارەیان زیاتر لە 250 خویندکار دەبوو، بۆ دابینکردنی ئاوو کارەباو چەند پیداویستی تر خۆپیشاندانیان لەبەردم بەشە ناوخۆییەکاندا سازکرد، گەنجان 2006/12/23

- لەقوتابخانەی دواناوەندی کچان ئەو قوتابیانەی کەوەزرش ناکەن یان جلوبەرگی وەزش ناهینن، ئەوا لەلایەن مامۆستاکەیانەوە سزا دەدریت بەوەی کە10 دەقیقە لەسەر ئەژنۆ برۆن یان لەسەر یەك قاچ بوەست، کە تائیستا مامۆستاکە دوو جار قوبابیەکی سزاداوەو بەزۆر جلوبەگری پیکرپیون. گەنجا ن 2006/12/23

- بەشە ناوخۆیی زۆزگ ی پەیمانگای تەکنیکی گەرەکی سێتاقانی هەولیر، لەبەر نەبونی ئاوو کارەبا قوتابیانی بەشە ناوخۆییەکان دەست دەکەن بەخۆپیشاندان و شەقامی بەردەمی بەشە ناوخۆیەکان دەگرن، پاش هاتنی ئاسایشی سێتاقان، کیشە لەنیوانیاندا دروست دەبیت و ئاسایش پەیامنیریکی رۆژنامەی روانین بەناوی شاهۆ دەستگیر دەکەن، کە پەیامنیرەکە دەبەنە ئاسایشی سێتاقان و لەوێ ئازاریکی زۆری دەدەن، بەلام پاش ماوەیەك بەهۆی ئەوەی کە مامێکی بەرپرسە ئازادی دەکەن. گەنجان 2006/12/23

- ژمارەیەك نابینا دەیانەویت دریژە بەخویندن بدەن و بروانامە بەدەست بهینن، بەلام ریگایان پینادریت، نابینایانی سلیمانی کە 16 نابینان دەیانەویت تاقیکردنەوەی دەرەکی ئەنجام بدەن، بەلام وەزارەتی پەروەردە وەلامیان ناداتەوە. گەنجان2006/12/12

- خویندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی کۆلیژی تەکینکی سلیمانی نیشتەجیی بەشەناوخۆی سەرچنار بەهۆی کەمی وزەی کارەو ئاووەوە خۆپیشاندانیکیان لەسەرچنارەوە بۆ بەردەم بینای پاریزگای سلیمانی بەریخست، کە زیاتر لە 100 خویندکار دەبون، وە داوایان کردکە نەوت و غازیان بۆ دابین بکریت و ئاوو کارەباشیان بۆ چاکبکریت، نوینەری پاریزگاری سلیمانی سەردانی خویندکارەکان دەکات وبەلینی چارەسەری کیشەکانیان دەدات. گەنجان 2007/12/10

- کۆمەلیك خویندکاری سەربەخۆی گەرمیان لەبەیاننامەیەکی نارەزایەتیدا دەرباری بەکارهینانی توندوتیژی لەناوەندەکانی خویندندا لەگەل خستنەرووی داواکاریەکانیان هەرەشەی بەگەرخستنی بزوتنەوەیەکی خویندکاری دەکەن بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیان. کەلەبەیاننامەکەدا هاتوە بەدژی توندوتیژین لەدژی خویندکاران لە شیوازی هەرەشەو ئیهانەو لیدان و بیحورمەتیکردن بەکەسایەتی خوێندکارەوە، بگرە تا دەگاتە دەرکردنو کەمکردنەوەی نمرەو فشاری دەرونی، سەرەرای بەحیزبایەتی کردنی ناوەندەکانی خویندن، جوداسازی لەنیوان خویندکاران و دروستکردنی تۆری سیخوری... وە چەند داواکاری بەقازانجی قوتابیان دەخەنە روو... گەنجان 2006/12/4

- قوتابیانی کۆلیژی دەرمانسازی زانکۆی هەولیری پزیشکی ماندەگرن بەمەستی چارەسەکردنی ئەو کیشانەی کەرووبەرویان دەبیتەوە. گەنجان 2006/12/4

- ئاوارەکانی مەعەسکەر سەلام کەکۆمەلیك مالی ئاوارەی کەرکوکنو ژمارەیان لەنیوان 150-200 مالدایە و لەدوای رایەرینی ئازاری 1991ەوە لەویدا نیشتەجین، بەهۆی نەبونی ئاوو کارەبا و زۆرلیکردن بۆ دەرکردنیان دەستیان دایە مانگرتن، مستەفای سەید قادری جیگری فەماندەیی گشتی هیزی پیشمەرگەی کوردستان، وتی کەئەوان لەشوینیکدا نیشتەجین کەمولکی فەرماندەیی گشتیەو ئەوان خۆیان بەئاوارە ناو دەبەن لەکاتیکدا ئاوارە نەماوە.. ئەگەر لەکاتیکدا ئەو شوینانە بکریت بەسەربازگەی ئەمەریکیەکان مولکی فەرماندەیی گشتیەو ئاساییە. هاولاتی 2006/12/12